www.kurdistannet.org
29-11-2006 11:04بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بۆ بەهاولاتی: پێویستە یەکگرتوو عیبرەت لەحەماس ویەکێتی وپارتی عیبرەت لە فەتح وەربگرن"

هاولاتی: چاودێرانی سیاسی پێیان وایە لەدوای ئەوەی یەکگرتوو بۆتە بەشێك لە حکومەت باس لە گەندەلی ناکات، ئەم بێدەنگبوونە بۆ؟

مامۆستا سەلاحەدین: وانیە چونکە باسی ئیسلاح، باسی گەندەلی باسێکی سەرەکیە، یەکێکە لە بنەما فیکریەکانی یەکگرتوو، دروشمی یەکگرتووش ئەمەیە (ان ارید الاصلاح ما استطعت) تا ئینسان وکۆمەلگەی مرۆیی هەبێت گەندەلیش هەیە، مەسەلەی باسمان بەتایبەت لەهەلمەتی هەلبژاردندا کە ئەو رەگەزە جەختی لەسەر کرایەوە، هەر باسمان کردووەوباسیشی ئەکەین، بەلام بەو شێوەیە نەبووە کە یەکێك ناوبنێین گەندەل وخۆشمان ناوبنێین دوور لەگەندەل، بەلام لەسەروبەندی هەلبژاردندا بەو ئاراستەیەیان برد بەمەبەستی هەلبژاردن، یەکێك کەشتێکی بەرامبەرەکەی بەدل نەبوو ئەیگۆڕێ بەو شێوەیەی کە ئەیویست، ئێمە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوسا وئێستاش حکومەتی خۆمان بووە، هەر بەشداربووین لە حکومەت، بەشداربوونمان یان بەشدارنەبوونمان لەو ڕاستیە ناگۆڕێ کە گەندەلی هەیە لەئیدارە ولەئابووری، لە کۆمەلگە، لەمەسەلە کۆمەلایەتی، ئەخلاقی وسیاسیەکانیش بەلام شتێك ناوی بنێیت تۆ هەموو گیانت گەندەلە ئەوە ئەو شتە ڕاست نیە، هەرێمی کوردستان چۆن شتی جوانی تیایە سەرکەوتن ودەسکەوتی جوانیشی هەیە لەهەمان کاتیشدا شتی گەندەل وخراپیشی هەیە. ئەگەرچی داواکانمان زۆر نەهاتنە دی دواتریش پێمان باش بوو بەشداربین چەند هۆکارێکیش هەبوون کە بەشداربوونمان لەژێر ڕۆشنایان پێ باشتر بوو تا بەشدارنەبوون، ئەوانەش بریتی بوون لەحال ووەزع و هەلومەرجی ئەو کاتانەی کوردستان، مانەوەی هەندێ مەسەلەی سەرەکی وستراتیژی کوردستان بە هەلواسراوی وەك مەسەلەی فیدرالیەت. لەلایەکی دیکە موعارەزە بەو شکل وشێوەی کە لەولاتاندا هەیە کەش وهەوای نیە، بۆیە پێکەوە هاوکاری بەشداربوون، لە مەشهەدە سیاسیەکە زۆر یاکەم بەباشترمان زانی، لەهەلمەتی هەلبژاردن ئەوەیە کە عادەتەن تۆ شتە زۆر زەقەکان ئەخەیتە ڕوو ئەو وەختە کە ئێمە باسی گەندەلیمان ئەکرد، بۆ هەلبژاردنی بەغدابوو وئێمە باسی ئێرەمان نەکرد بەلکو باسی عێراقمان ئەکرد، دیارە کە عێراق یەکێکە لەپێشەوەی ئەو ولاتانەی کە گەندەلیەکی زۆری تێدایە.
هاولاتی :ئاماژەت بەوەدا کە لە کوردستاندا بارودۆخی ئۆپۆزسیۆن بوون نیە، ئایا ئەمە دیکاتۆریەتە؟ بەڕای تۆ بۆچی ئەو بارودۆخە دروست نەبووە؟

مامۆستا سەلاحەدین: ڕوونە کە موعارەزەبوون لە کوردستاندا نیە، چونکە موعارەزە سیستەمێکی تایبەتە پێویستە لەکاتێکدا ببێت کە ولات لە سیستەمێکدا بێت موعارەزە ودەسەلات هەبێت، لە کوردستاندا هێشتا ئەو شتانەی هەمانە هەمووی مۆلەقە، کیانەکە مۆلەقە، حکومەتەکەش هێشتا دەستووری نەکراوە وەکو پێویست، پەیوەندی ئەم هەرێمە لەگەل عێراق بەپێی دەستوور دانەمەزراوە، لانی کەم بێ خەم نەبووە، ئەمانە هەمووی وایان کردووە کە هەموو لایەك کێشەیەکی ستراتیژی نەتەوایەتی گەورەمان ببێ کە پێکمانەوە خەریکی ئەوە ببین، بەهۆی ئەو کێشەیە گەورەیە، دیارەپێویستە ئەولەویەت بەوە بدەین وبەمەش مەسەلەکانی دیکە ئەبنە ژێرەوە.
هاولاتی: چەندین جارە لەزاری زیاد لەبەرپرسێك تۆمەتی تیرۆر ئەخرێتە پال یەکگرتووی ئیسلامی، قسەکانی قادر قاچاخیش نموونەیە کە، ئێوە بۆ پالپشتی حزبولا خەلکتان ناردۆتە لوبنان، ئەو

ئامادەبوو ناوەکان بلاوبکاتەوە هەڵوێستی یەکگرتوو لەمبارەیەوە چیە؟
مامۆستا سەڵاحەدین: ڕوونە ئەوە درۆیە، درۆیەکە هەرکەس بیڵێ خۆی عەیبدار ئەکات، چونکە بەرنامە ونەهجی یەکگرتوو زانراوە، چەند ساڵە وەکو ستراتیژ لەسەری ڕۆیشتووە، نەیگۆریوە کە کاری سیاسیی مەدەنی ئەکات، بڕوای بەحیوار وگفتوگۆی بەرامبەر نەك سڕینەوەی بەرامبەر هەیە. ئەوەی ئەیەوێ لەو جۆرە قسە وتۆمەتانە هەڵواسێ ئەوا ئازادە، بەڵام تۆمەت هەڵبەستن ئاسانە ئەوەی مەسەلەی ئەساسیە سەڵماندنیەتی، ئێمە تەحەدای ئەو بەرپرسەمان کرد ووتمان ناوەکان دەربخات بزانین لەچی ڕێکخستنێکی ئێمەدایە یان لەرێکخستنی ئەودایە یان لەکوێی هێناوە، پاش دانیشتنمان لەگەڵ پارتی ئەوان ڕەفزی ئەوەیان کرد کە ئەوانە هەڵوێست و قسەی پارتی بێت، مامۆستا مەحموود ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی وەڵامی دایەوە کە ئەوە قسەی خۆیەتی.

هاوڵاتی: کوتلەی یەکگرتووی ئیسلامی لەپەرلەمانی بەغدا کوتلەیەکی کوردییە یان سوونی، وە لەپەرلەمانی کوردستانیشدا گوێگرن یان هەوڵی گۆڕانکاری ئەدەن؟

مامۆستا سەڵاحەدین: یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی یەکگرتوو ئەوەیە کە واقعی بێت، ئێمە بە برادەرانمان لەهاوپەیمانی کوردستان وهەرکەسێکی تر کە لەو ساحەیە ئەڵێین ئێمە لەم کوردستانە تا ئێ‌ستا بەشێکین لەعێراق، هەر کاتێك ویستمان یان گونجا ورەخسا بۆمان حکومەت وولاتێکی جیاوازبین ئەوە لە پێشەوەی ئەو خەڵکەوە ئەبین، لَەگەڵیاندا ئەبین ئەگەر لەپێشەوە نەبین، بەڵام ئەمڕۆ هەموو لایەك سەرکردە وخەڵکی سیاسی کوردستان قەناعەتمان وایە کە کوردستان بەشێکە لەعێراق و ئەمانەوێ فیدراڵی بین ماناى وایە مەسەلەکانی عێراق ئێمەش ئەگرێتەوە، کورد زۆرینەی سونەیە ئاسایە کە مەسەلەکانی سونەی عێراق فەرامۆش نەکات. مەبەستمان بە فەرامۆش نەکردن ئەوە نیە وەکو کابرای عەرەبی سونە سەنگەر بگرێت و بڕۆی شەر بکەیت چونکە ئێمە باوەڕمان بەشەڕ نیە، هەروەکو لەگەڵ کابرای شیعە نابی لەگەل َسونەش نابیت لەشەڕدا، بەڵام لە هەندی مەسەلە تۆش ئەگرێتەوە، ئەگەر بڵێیت هاوکێشەیەکی مەزهەبی لەعێراقدا هەیە ئەوا تۆ کورد چی لێئەکەی؟ هەر ئەبێ بیخەیتە ئەو سینفەوە بیخەیتە تای ئەو تەرازووەوە، ئەوانەشی نەعامە ئاسا کورد لە سونی بوونی دەرئەکەن هەڵەیەکی ستراتیژی گەورە ئەکەن یان خۆیان ئەخەڵەتێن. ئێمە لەپەرلەمانی عێراقدا ووتومانە لە شتە جێگیر و مەسەلە نەتەوایەتیەکانی کوردا کوتلەی ئێمە لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستاندا بووە، هەڵوێستەکانیشمان دەریانخست کە لەچەندین مەسەلە بەتایبەت ئەمەی ئەم دوایە کە تایبەت بوو بەمەسەلەی دروستکردنی هەرێمەکان ئەگەر کوتلەی ئێمە بەشدار نەبوایە ئەوا یاساکە دەرنەئەچوو، چونکە یەك دەنگ وای ئەکرد یاساکە دەرنەچێ وە بەداخەوە نە ڕاگەیاندنەکان ونە هاوپەیمانیش باسیان نەکرد وگرنگیان نەدایێ وئەوەش حەیفە وبۆ میسداقیەتیان عەیبە. ئێمە بۆ ئەوانمان نەکردووە وسوپاسی کەسیشمان ناوێ ئێمە خۆمان بڕوامان بەفیدراڵیەت هەیە وەکو سەوابیت.
هاوڵاتی: یەکگرتوو تاچەندە توانیویەتی سونەبوونی بخاتە خزمەت دۆزەکەیەوە. وە بۆچی لەکۆر وکۆبوونەوە سونیەکاندا ماوەیەك ئامادەگی بەرچاوی هەبوو دواتر کشایەوە؟
مامۆستا سەڵاحەدین: یەکگرتووی ئیسلامی زۆر سەرکەوتو بوو لە تەوزیف کردنی سونە بوونی بۆ خزمەت کێشەی نەتەوەکەی، ئێمە نەکشاوینەتەوە لەو کۆر وکۆبوونەوانە، بەڵام تەبیعەتی ئەو کۆڕ وکۆبوونەوانە دەرچوو ئێستا کۆڕنەماوە ئێستا شەڕە، ئێمە لەو کاتانەی کە پێویست بوو وکۆڕەکان مەدەنی بوون ئاسایی بوون ئەچووین بەشداری خۆمان ئەکرد قسە وو وتاری خۆمان ئەووت، کورد وەکو وەرەقەیەکی بەهێز بۆ مەحکەمکردنی حاڵەتی تەبایی وبرایەی لەعێراقە یەکپارچەیی عێراقە بۆ

خزمەتی کوردە، چونکە سڕینەوەی کورد چ لەنەتەوایەتی بوونی یان سونی بوونی خزمەت ناکات.
هاوڵاتی: وکو یەکگرتووی ئیسلامی هەڵوێستتان سەبارەت بەکوردە بەمەسیحی بووەکان کوردستان چیە؟
مامۆستا سەڵاحەدین: پێمان وایە دەستی لەپشتە، ئەگینا وەکو تاك هەر زەلامێك ئازادە ئەبێتە مەسیحی ئەبێتە بەهائی کەی کێشەیە، سەبارەت بەو دەستە ئێمە پاش قسەکردن لەگەڵ برایانی مەسیحی کوردستان وا تێیگەیشتووین کە ئەمە دەستێکی ئیستیعماریە کەجیایی وتەفرەقە ئەنێتە نێوان مەسیحی وموسوڵمان لە کوردستاندا. ئەگەر پڕۆژەیەکی جیایی نانەوە بێت لەناو ماڵی کوردستان ئەوە هەزاران ساڵە کوردی کوسوڵمان لەگەل َمەسیحیەکاندا بەتەبایی وبرایی ژیاون چونکە ئەمە مزگەوت بووە، ئەوەش لەنزیکیەوە کەنیسە بووە، ئەمەش حقد وکینە ورق دروست ئەکات، بەشێوەیەك بیانوو ئەداتە دەست توندڕەوە بەناو ئیسلامیەکانەوە کە لەم بابەتە هەڵوێستی خراپ بگرن، دوایش ئیسلامی پێ عەیبدار بکەن.

هاوڵاتی: بۆ بەمەسەلەی جاسوس وفایلەکان وەکو یەکگرتووی ئیسلامی هەڵوێستتان چیە؟
مامۆستا سەڵاحەدین: ئەگەر راستت ئەویّ ئەمە خۆی شتێکی لەکەدار وبێ لەزەتە، روژاندنەکەشی هەر خۆش نیە، لەحاڵەتێکدا ناو ماڵی کوردستانی حاڵەتی تەبایی وپێکەوە ژیانە و ماتمان کردبوو وبەدیاریەکەوە پێکەوەدانیشتبووین، لەساڵی (1991) کە عەفواتێك کەبەڕاستی حیکمەتێکی تێدابوو بۆ ئەو خەڵکە دەرچووە، ئەوەشمان بیرنەچێ چەکدارەکانی حکومەت دەستێکی باشیان هەبوو لە ئاسانکاری بۆ ڕاپەرین، ئەوەش جێی ئەوەیە کەباس بکرێت، یەعنی لیبووردنە کە هەمووی پیاوەتی نیە، هەندێکی واقیعێك بوو. ئەمێنێتەوە مەسەلەی حقوقی واتە مافی کەسێك بەسەر کەسێکی دیکەوە کوشتن بێت یان شتی دی ئەوەش ئەبێ دادگا قسەی تیا بکات ونە ئەبوو بەداخەوە ببێتە خۆراکی رۆژنامە. ئەوەی لێرە ئێمە حەزمان نەکرد قسەی تیابکەین جارێ سوپاس بۆ خوا کە ئێمەی تێیدا سەلامەت بووین، ئەگەرچی تۆمەت ئەکرێین بەڵام بێ بەڵگەن وئەو تۆمەتانەش تەواو نابن. من زۆریش گلەیم لەرۆژنامە ورۆژنامەگەری نیە کە بۆچی بڵاوی ئەکاتەوە، چونکە ئیشی رۆژنامە ورۆژنامەنووس ئەوەیە شتێکی دەست کەوێت بڵاویبکاتەوە وبازاری خۆی گەرم بکات ئەمە کێشە نیە، بەڵام بەراستی کاتەکەی خزمەتی حاڵەتی سیاسی زۆر ناکات.

هاوڵاتی: سەبارەت بە دەستووری کوردستان راتان چیە بەتایبەت ئەو لایەنەی پەیوەستەبەدانەنانی ئایینی ئیسلام وەکو سەرچاوەی یەکەم ی یاسادانان؟

مامۆستا سەڵاحەدین: دەستوور پێویستە رەنگدانەوەی واقیعی ئەو میلەتە بێت یەکێك لەو شتە سەرەکیانەی خەڵك لێی ڕائەکات، نەعامە ئاسا ئەوەیە کە ئەم میلەتە (95%) موسوڵمانە ئەبێ ئەو دەستوورە رەنگدانەوەی ئەو ئاینەی تێدابێت ئەوانەی ختوکەیان دێت یان پێان عەیبە یان وا ئەزانن نانیان ئەبرێ یا نازانم هۆکارەکە هەرچی هەیە لە دەستووردا باسی ئیسلام بکەن، ئەمانە لەپێشدا ئینتیمای نەتەوەییان وئینجا ئینتیمای ئیسلامییان لە مەترسیدایە، چونکە میللەتی ئێمە میلەتێکی موسوڵمانە، ئێمە وەکو خەڵکێك وەکو واقیع ئەڕوانینە مەسەلەکان وە تێروانین وتێفکرین وراقەی خۆمان بۆ دەقە ئیسلامیەکان هەیە (قورئان وسونەت) وە بە تێروانینێکی زانستی مەدەنیانە وسەردەمیانە وائەبینین کە زۆرێك لەو شتانەی وائەکات حاڵەتی مەدەنی کوردستان جێگیر بکات وئازادیەکان بدات وزەمانەت ئازادی هاوڵاتی دروست ئەکات، هەمووی لەئیسلامدایە وئیسلامین ئێمە نازانین کە هەر شتی مۆرکی ئیسلامی پێوە نەبێت تەواو لەو شتانە ئەسڵ ئەوەیە کە دژنەبێت بە دەقێکی قورئان یان سونەت

ئەسڵ ئەوە نیە كە دەقێكی قورئان یان سونەتی لەسەر بێت، ئەوە لە عیبادات وایە كە ئەبێ دەقت ببێت لە مامەڵەی ژیان پێویست بە دەق ناكات ئەبێت دژ بە دەستوور نەبێت. بۆیە هەموو شتەكان لەدەستووردا شتی باشن خزمەت تاكی هاوڵاتی كوردستان ئەكەن، خزمەتی ئابووری وكیانی كوردستان ئەكەن لای ئێمە باش و ئیسلامین بەڵام خاڵی باسی ئاینی ئیسلام هەندێ خەڵك لەسەرەتاوە پێیان وابوو باسی ئیسلامی هەر تیانەبێت ووتمان عەیبە بۆ دەستوورێك لەهەرێمی كوردستاندا ببەسترێت باسی ئیسلامی تیا نەبێ لانی كەم وەك ئەوەی بەغدا بێت دواتر ئێستا تۆزێك ئاویان تیاكرد وكاڵ بۆتەوە چونكە دەستوور حەزی زەلام نیە حەزی كەس نیە ئەبێ رەنگدانەوەی میللەت بێت.

هاوڵاتی: مەسەلەی قەرەبوو كردنەوەی مەڵبەندی دهۆك وناوچەكانی دیكە گەیشتە كوێ؟ بۆچی تا ئێستا كەس دەستگیرنەكراوە لەكاتێكدا ڕەنگە بكوژەكان لەلایەن ئێوەوە بناسرێنەوە؟

مامۆستا سەڵاحەدین :مەڵبەندی دهۆك وئەو شەش حەوت بارەگایە هەموویان نۆژەنكرانەوە، هەمووی ئێستا كاری ئاسایی خۆیان ئەكەن ئێمە بریار بوو (6) ملیۆن دۆلار وەكو قەرەبوو وەربگرینەوە، بەڵام تا ئێستا سێ ملیۆنمان وەرگرتووە، ئەو سێ ملیۆنەی دیكەشی ماوەتەوە مەفروزە پێمان بدرێت وەعدیان داوە، مەسەلەی دەستگیركردن هەروا ئاسان نیە، چونكە لەڕاستیدا بكوژ ئەوەی تاوانەكەی كردووە نەلەلای خەڵكی ئێمەناسراوە، نەلە لایەنی پارتی، ئەڵێین نایناسین لە ئەنجامیشدا تۆ ناتوانی دیاریبكەیت، ئەتوانی بڵێی فلان شوبهەی لەسەرە بەڵام ئەمە جیاوازە لەوەی تاوانەكەی كردبێ، ئێمە حەزناكەین مەسەلەكە بچێتە بازنەی عەشایەری وشتی شەخسی وتەنیا بەناسین تەواوبێت، حەز ئەكەین ئیدارەی حكومەتی هەرێم بەتایبەت ئیدارەی دهۆك خۆیان چارەسەر ی بكەن، بەوەی یان كەسەكە بدۆزنەوە وئیجرائاتی یاسایی بۆ بكەن یان ئەوەتا چارەیەك بۆ ئەو مەسەلە هەڵواسراوە بدۆزنەوە چونكە بەو هەڵواسراوییە ئێمە تا سنوورێك ئەتوانین زامنی بكەین، هەڵئەگرێت شێوەی دیكەی هەبێ ولەدەست دەربچێ هەڵواسینی مەسەلەیەكی قەزائی چوار كەس شەهێد وچەند كەس بریندار هەڵواسینی بەبێ منەتانە خزمەت ناكات ئێمەش ئەزانین بكوژ نەدۆزراوەتەوە، بەڵام جێهێشتنی بەو بێمنەتیە نە لەخزمەتی یەكگرتووە، نە لەخزمەتی پارتی وحكومەتی هەرێمیشە.

هاوڵاتی: یەكگرتووی ئیسلامی لەداریيدا پشت بەچی وبەكێ ئەبەستێ؟ هیچ كۆمپانیا وكارگەیەكتان لەناوەوە ولەدەرەوەی هەرێمی كوردستان هەیە؟

مامۆستا سەڵاحەدین: بۆچی كەس باسی كۆمپانیا وكارگەی خۆی ئەكات؟ تا ئێمە باسی بكەین (بەپێكەنینەوە)، ئێمە لەحكومەتی هەرێم ئیدارەی سلێمانی وهەولێر شتیان پێداوین، خۆشمان تەبەروعات وئیشتراكات وخێروخێراتی خۆمان هەبووە دیارە هەوادارانی یەكگرتووش بەشدارن، ئێمە دەستمان پان ئەكەینەوە وچاومان ئەنوقێنین كێ بەشمان بدات سوپاسی ئەكەین، سەبارەت بەو بوجەیەی لە حكومەتی هەرێمی وەرئەگرین زۆر زۆر كەمە، ئەگەر باسی بكەین زۆر سەیرت دێت چونكە زۆر كەمە بۆ یەكگرتوویەك بەحساب دوای یەكێتی وپارتی حزبی سێهەمە ئێمە یاداشتنامەیەكی خێرا وجیدیمان داوەتە سەرۆكایەتی حكومەتی هەرێم سەبارەت بەبودجەی ئەحزاب نەك تەنها بۆ خۆمان بەڵكو بۆ حزبەكانی دیكەش، ئەمانەوێ بزانین بودجەی ئەحزاب چەندە وئەم مەسەلەیە ببێتە یەكێك لەمەسەلە سەرەكیەكان و لەپەڕلەمانی كوردستان باس بكرێ تاكەی ئێمە نەزانین بودجە چەندە بودجەی ئەحزاب چەندە. ئەمانەوێ ئەم مەسەلەیە ببێتە شتێكی رەسمی وشەفاف، ئەوەی بەیەكگرتوو ئەدرێت لەهەردوو لا مانگانە بڕی (125) هەزار دۆلارە هەرچی كاتێكیش خەڵك باس لەكۆمپانیای خۆی كرد و وتی ئێمەش ئەیڵێین.

هاوڵاتی: بەشێك لە ئیسلامیەکانی کوردستان یەکگرتوو بە دوورکەوتنەوە لە ئایین تۆمەتبار ئەکەن، یەکگرتوو چۆن لە ئاین گەیشتووە لەسای حزبدا؟

مامۆستا سەڵاحەدین :یەکەم ئێمە ئاینێکی دیکەمان نیە، ئێمە موسوڵمانین، لەبنەماڵە وخەڵکی موسوڵمانین، میللەتی ئێمە هەمووی موسوڵمانە، رۆژێك لەرۆژان دروشمی بەئیسلامکردن کوردستانمان هەڵنەکردووە، تا ئێستا کە نامۆ بێت ئێمە دروشمەکانمان هەرئەمە بووە کە هەیە، ئێمە وامانزانیوە کوردستان خەڵکێکی موسوڵمانە جگە لەمە خەڵکێکی ناموسوڵمانیشی تێدایە، وەکو برا و هاوڵاتی بەتەبا ئەژیین. ودروشمی ئێمەگفتوگۆ ورێزگرتنی بەرامبەر ئازادی وبرایەتی ودادپەرەریی بووە. سوپاس بۆ خوا ئیلتیزامی شەخسیمان بەدینداریەوە هەیە سوپاس بۆ خوا، ئەمێنێتێتەوە تێڕوانینمان بۆ مەسەلەکان کە بەمەرجەعیەتی ئیسلامی ئەڕوانینە کێشەکانی میللەت.

هاوڵاتی: لەکوردستاندا وبەتایبەت لەلایەن هەردوو حزبی دەسەڵاتدارەوە، چەندین جارە زەنگی ئەوە لێئەدرێت مەترسی دروستبوونی حەماسێکی دیکە هەیە ئایا ئەگەر یەکگرتووی ئیسلامی دەسەڵاتی گرتە دەست ئەبێتە حەماسێکی دیکە؟

مامۆستا سەڵاحەدین: لە ڕاستیدا حەماس و فەتح لە فەلەستین ناکرێ نەقڵی ئالی ئێرە بکرێ، چونکە ئەوێ هەڵ ومەرج وبارودۆخی خۆی هەیە، ئێرەش هەڵ ومەرج وبارودۆخی خۆی هەیە، ئەکرێ هەندێ شتیان لەیەك بچێت، بەڵام ئەوەی کە مەتلوبە ئێمە عیبرەت لە حەماس وەربگرین ویەکێتی وپارتیش عیبرەت لەفەتح وەربگرن، ئەوە شتێکی باشە ئێمە وائەزانین کە هەموو کارێکی مرۆیی هەڵەی تێئەکەوێ وعیسمەت نیە وە گرنگە بەجورئەت بین مەسەلە سیاسیەکان لەگەڵ مەسەلە ئاینیەکان. ئەی یەکێتی و پارتی بۆچی عیبرەت لەوە وەرناگرن، بۆچی ئەو دەرسە ناخوێنن لای فەتح بۆچی یەکتریان قبوڵ نەبوو، شەری ناوخۆ چواردە ساڵ شەری ناوخۆ ئەو هەموو شەهید وونبووانە جوابی چیە ئێمە کێشەمان ئەوەیە کە هەرباسی بەرامبەر ئەکەین، ئێمە ئەڵێین فەتح زۆر گەورە بوون، کە ووتیان دەست لەدەسەڵات هەڵبگرن بڵێن کاکە نۆرەی تۆیە خۆ ئەشیان ئەزانی نە ئیسرائیل ونە ئەمریکاش ونە شوێنی دیکەش قبوڵی حەماس ناکات، بەڵام ئەزموونیان پێدا.

هاوڵاتی: یەکگرتوو ئێستا سەرقاڵی بەستنی کوَنفرانسی مەڵبەندەکانیەتی ودواتریش کۆنفرانسی گشتی ساز ئەدات، ئایا هیچ تەوەرێکی دیاریکراوی هەیە لەو کۆنفرانسە بەشێك لە ئاراستەی کاری یەکگرتوو بگۆڕێت؟

مامۆستا سەڵاحەدین: لە پەیرەوی ناوخۆمان دەسەڵاتەکانی کۆنفرانس دیاری کراوە کە ئەڵێ هەڵسەنگاندن ئەدای حزب لەو ساڵ ونیوەی پێشوو واتە لەو هەڵوێستانەی گرتوویەتی لەو خیتابە سیاسیەی هەیبووە، ئەدائی مەکتەب ودەزگاکانی وئیعلام وناوخۆی حزب وە بەخۆداچونەوەش، ئەو خاڵەی پێویستی بەگۆڕین بێ ئەیگۆرێ، کۆنفرانسی گشتی ئەتوانێ هەڵسەنگاندن بکات وبیکاتە تەوسیە بۆ شورا بۆ لێپێچینەوەیان لادان وە شوراش رەوانەی سەرکردایەتی وئەمیش دواتر دانیشتنی پاش کۆنفرانس ئەگرێ وئەروانێتە ئەو مەسەلانەی کە کۆنفرانس تەوسیەی کردووە.

هاوڵاتی: ئەم بارودخۆی ئەمەریکا لە عێراق تێیکەوتووە چۆن ئەبینی؟

مامۆستا سەڵاحەدین: ئەمریکا دیارە وەزعێکی خراپی هەیە، چونکە بە سەرەتایەکی باش دەستی

پێنەکرد، تۆزێ مەغروورانە دەستی پێکرد، نەیتوانی سوودی زۆر لە هێزە عێراقیەکانی وەربگرێت، ئەترسا لەهەندێ شت بۆیە موەفەق نەبوو سەرەتاکەی تەواو نەبوو حسابی کاریگەری دەوڵەتانی دەوروبەری ئیقلیمی کەمتر ئەکرد، ئێستا بۆی دەرکەوتووە کە کاریگەرییان زۆرە، حیسابی مەسەلەکانی وەکو پێویست نەئەکرد، گوێشی بۆ عێراقیەکان نەئەگرت لەسەر خەریتەیەك هاتبوو لەسەر ئەوە رۆیشت. زۆر شتی لەبەردەم دایە کەبیکات گۆرانکاری بکات بەڵام لە هیچ لەوانە زۆر مسۆگەر نیە سەرکەوتووبێت. خیارێکی دیکە ئەوەیە کە بە قۆناغبەندی پەلە هێزەکانی لە عێراق بکشێنێتەوە ئەویش مەترسیدارە، خاڵێکی تر ئەوەیە بەشیوەیەك لەشێوەکانی عێراق دابەشبکرێت، خاڵێکی تر ئەوەیە کە کۆنگرەیەك ببەستێ دان بەوە بنێت کە سوریا وئێران کاریگەرن لەسەر وەزعی عێراق، دانیشێ لەگەڵیان ئەمانە هەموویان یەك لەیەکی تاڵ تر وچارەنووس نادیارترە، زۆر گەشبین نیم لەمەدایەکی نزیکدا سەرکەوتووبێت.

هاوڵاتی: کەناڵە ئاسمانیەکەی یەکگرتوو گەیشتە کوێ؟
مامۆستا سەلاحەدین: ئیشی لێ ئەکەن بەرێوەیە هەندێ شتی تەواو بووە، هەندێکی ماوە هۆکاری دواکەوتنیشی هەندێکیان هونەری وهەندێکیشیان داراییە.
بەکورتی..
مامۆستا سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین سادق، لەدایکبووی (1950) ی شارۆچکەی تەوێڵەی نزیك شاری هەڵەبجەی شەهیدە.
دەرچووی (دار المعلمین) ی ساڵی (1968-1969) .
بەشداربووە لە پێکهێنان وراگەیاندنی یەکگرتوو لە 1994 ولەکۆنگرەی یەکەمدا بە ئەمیندار گشتی هەڵبژێردراوە، ودواتریش لە کۆنگرەکانی دووەم وسێهەم وچوارەم بۆ هەمان پۆست هەڵبژێردراوەتەوە.
پاش رووخانی رژێم یەکێك بووە لە پێنج ئەندامە کوردەکەی ئەنجومەنی حوکمی عێراق ودواتر بۆتە ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراق.